## ئەنجومەنی وەزیران (هەولێر):

## با زەوی بە فەرمانبەرانی دەوروبەری شاری هەولێر نەدرێت

فەرمانبەرێک
2006/2/10
xandan@xandan.com

**لەو رۆژانە دیسانەوە لە پەنا دابەشکردنی زەوی بە سەر فەرمانبەران، بریارەکەی ئەنجومەنی وەزیران کە دەڵێت نابێت زەوی بە فەرمانبەرانی دەوروبەری شاری هەولێر بدرێت، ئەگەرچی وەک خزمەت خاڵی لەسەرووی پێویستیشیان هەبێت،و خەڵکی نێو شاریش بن، (سەیرەکە لەوەدایە ئەو بریارە شاری دهۆک کە دەکەوێتە دووتوێی هەمان حوکمرانییەوە ئەو بریارەی بەسەردا ناسەپێ).**

**ئەو بریارە ئەگەر پەیوەندی بە مەسەلەی سیاسیەوە نەبێت، دیارە وەک بیرکردنەوە هەوڵدەدات بیرکردنەوەیەکی دیموکراسیخوازانە بێت،و راڤەکردنێکی دیکە بۆ مافی هاولاّتیبوون لە کوردستاندا بکات، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران زۆر بوێرانە بە ئەرکی خۆی دەزانێت فەرمانبەرانی دەوروبەری شاری هەولێر لەو مافە بێبەری بکات، و وەک هاولاّتی پلە دوو مامەڵەیان لە تەکدا بکات، لەو بۆچوونە دەگەینە ئەوەی کە زەوی بەخشین بە فەرمانبەران لە (هەولێر) وەک ماف تەماشا نەکراوە، بەڵکو وەک دیاری شۆرش (زەمەنی بەعس) سەیر دەکرێت.**

**کەواتە لە پشت ئەو بریارەی ئەنجومەنی وەزیران دوو بیرکردنەوە ئامادەیە، یەکەمیان خۆی لە بێنرخکردنی دانیشتووانی شاری هەولێر، بە تایبەتی دانیشتووانی گوندو ناحیەو قەزاکان هەڵدەگرێتەوەو لە تەنیشت ئەوانیشەوە بێنرخکردنی فەرمانبەرو خزمەتەکەیان بەرجەستە دەبێت، بە کەم سەیرکردنی هەموو ئەوانە لە پاداشتی ئەوەیە کە هەمیشە دەوروبەری شار وەک مەڵبەندو تەغزییەپێدەری پێشمەرگە بووە، ئەو کورسییەی کە ئێستا ئەنجومەنی وەزیران نازی پێوە دەکەن بە قوربانی ئەوانەوە بەندە.**

**دووەمیش دەشێ بە دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پەوەست بێت کە بەردەوام حکومەتی کوردستان زۆر بە هەرزانی لە بازاری میدیاکانیدا دەیفرۆشێت و لەوێشەوە لەگەڵ سادەگۆیی خەڵکی خۆی تێکەڵدەکات، بەلاّم لە پشتەوەش گاڵتە بە بچوکترین مافیان دەکات.**